وەزیری دەرەوەی سوریا: هاوبەشی بەهێز لەگەڵ عێراق و سوریا بەشدار دەبێت لە بنیاتنانی ناوچەکە

ئەسعەد شەیبانی وەزیری دەرەوەی سوریا جەختی لەوە کردەوە کە هاوبەشییەکی بەهێز نێوان عێراق و سوریا بەشدار دەبێت لە بنیاتنانی ناوچەکە.

شەیبانی لە کۆنگرێسێکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ فوئاد حسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق لە بەغدا ڕایگەیاند: هاوبەشیی بەهێزی عێراق و سووریا بەشدار دەبێت لە بنیاتنانی ناوچەکەدا، جەختیشیکردەوە: "حکومەتی سووریا جدیی لە بەهێزکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ عێراق".

ئاماژەی بەوەشکرد، "سوریا هەنگاوی یەکلاکەرەوە بە پەرەپێدانی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات دەنێت"، "ئامادەیی وڵاتەکەی بە هاوکاریکردن لەگەڵ عێراق لە شەڕی دژی داعشی تیرۆریستی" دەربڕی.

شەیبانی ڕوونیشیکردەوە، "ئامانجمان بەرزکردنەوەی ئاوگەڵی بازرگانی نێوان هەردوو وڵاتە"، ئاماژەی بەوەشکرد، "پێویستە سوریا و عێراق پێکەوە بوەستن بە ئەوەی ڕێگری لە هەر دەستوەردانێک لە کاروباری ناوخۆیان بکەن".

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا وتی: پێویستە سوریا و عێراق هاوکاری بکەن بە ڕێکردنەوەی هەر دەستوەردانێکی دەرەکی کە زلهێزە دەرکییەکان بییانوێت خواستی خۆیان بەسەرمان بسەپێنن.